

# ڤیدیۆ پرۆژکتەرێکی بچووک

ڤیدیـــۆ پرۆژکتـــۆری کۆمپانیـــای Nec بـــە مۆدێلی NP3151 هاتۆتەبەرهەم. قـــەوارەی ئەم ڤیدیۆیە بچوکە و کێشەکەی کەمە. ئەم ڤیدیۆ پرۆکتۆرە توانای نیشاندانی وێنەی بـــە دیقەی WXGA یان بەواتایەکی دیکە 1280×800 پیکسـلە. پرۆژکتۆری ناوبراو تەکنەلۆژای LCDی هەیە کە بۆ نیشاندانی وێنە لە ساڵۆنەکانی کۆنفرانس، ژوورەکانی کۆڕ و ساڵۆنەکانی گەورەی بە سوودە.

ئـــەم ڤیدیۆ پرۆژکتۆرە توانای لابردنی دەنگی زیادی هەیە و جگە لـــەوەش توانای پەیوەندی ئینتەرنێتی وایەرلەیســـی تێدایە.




# کامێرای وێنەگری دژە ئاو

نوێترین کامێرای دیجیتالی کۆمپانیـــای Olympus هاتە بەرهەم، ئەو کامێرایە لە زنجیرەی کامێراکانی وێنەگری Stylus ی کۆمپانیای Olympusیـــە. کامێـــرای ناوبـــراو دیقەکەی 12 میگابایتـــە، توانی زومی ئیپتکالەکـــەی 3 جارانە. ئەو کامێرایە میمۆری ناوخۆی لەسەرە، کە 47 میگابایتە.

دیزاینی ئـــەم کامێرایە زۆر ســـادە و تەنکە و کارکردن لەسەر ئەمە زۆر ئاســـانە. توانای وێنەگرتنی بە دیقەی 640×480 پیکسلە.

ئـــەو کامێرایە لـــە ڕێگای کێبڵـــی USBیـــەوە بـــە کۆمپیوتەر دەبەسترێتەوە.

بەهـــۆی پرۆگرامێکـــی تایبەتییەوە وێنەکان بۆ ســـەر کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە.

تایبەتمەندی بەرچاوی ئەو کامێرایە ئەوەیە کە دژە ئاوە واتـــە دەکرێ لە دەریادا وێنـــەی پێ هەڵبگرێ و هەروەها سیستەمی هۆشمەندی ناسینی ڕوخساری هەیە.

# کامێرایەکی ڕەنگاوڕەنگ بۆ منداڵان



کامـــێرایەکـــی وێنـــەگـــری ڕەنگاوڕەنگ و بچووک بەناوی Fisher-price هاتە بەرهەم، کامێـــرای ناوبـــراو بەجۆرێك دروســـتکراوە کە کێشـــەکەی کەمـــە، تایبەتە بە منداڵان. میمۆری ناوخۆی تەنیا 8 میگابایتە. دەکرێ میمـــۆری دەرەکـــی یـــەك گیگابایتیشـــی تێبخرێ. ئەو کامێرایە بەتەواوی دژە ئاو و دژە زەربەیە. لەگەڵ هەردوو جۆری کۆمپیوتەری ماکنتۆش و ویندۆز دەگونجێت. دوو ڕەنگی شین بۆ منداڵی کوڕ و پەمەیی بۆ کچان هەیە. شایانی باســـە ئـــەوەی کچانە گرانبایی ترە.



## ناساندنی هاندی Qwest، هاندی هەمە کارە



کۆمپانیای گەیاندنی Qwest بەم دوایيە رايگەياند کە بەم زووانە دوو هاندی نوێ لە زنجيرەی هاندەکانی وایەرلەیس دەخاتە بازاڕەوە.
ئەو دوو هاندە بە ناوەکانی HTC 5800 و Mogul هاتوونەتە بەرهەم، شایانی ئاماژە پێدانە ئەم هاندە لە خزمەتگوزاری Windows live سوود وەردەگرێ، ئەم خزمەتگوزارييە ئەم بەشانە دەگرێتەوە، ناردنی Emaile، پەیامی دەستبەجێ (IM)، دینەمۆکانی بەدواداگەڕان. ئەم هاندانە سیستەمی بەگەڕخەری Wi-dows mobile6 یان لەسەرە، بەم شێوەیە بەکارهێنەر دەتوانێ سوود لەگشت پرۆگرامەکانی Microsoft o-fece وەربگرێ. کامێرای ئەم هاندە دوو میگابایە و گشت پرۆگرامەکانی Word، excel، power opint لەسەرە.



## مۆبایلی نۆکیا N96 و تایبەتمەندییەکانی

کۆمپانیای نۆکیا زنجیرەی هاندەکانی N گەیاندە ژمارە (N96). ئەم هاندە گۆڕانکارییەکی زۆری بەبەراورد بە مۆدێلەکانی پێشوو تێدایە، پشتیوانیکردن لە4 باندی GSM و دوو باندی HSDPA تێدایە.
هەروەها دەکرێ بڵێین ئەو مۆبایلە شاشەکەی بەرزترین دیقەی هەیە، میمۆری ناوخۆی ئەو هاندە 16 گیگابایتە. (بڵێین کۆمپیوتەرێکی تەواو). جگە لەوەش میمۆری دەرەکیش دەخوات و رامەکەی 128 میگابایتە. چوارچێوە و بیچمی ئەو هاندە زۆر وەك هاندی N81 دەچێت بە هەندێك گۆڕانکاری بچووك.
کامێرای ئەم هاندە 5 میگاپیکسلە، دوو فلاشی LED لەسەرە. هەروەها خزمەتگوزاری TV-Out بە دیقەی (SDTV) و جگەلەوەش خزمەتگوزاری DVB-H تێدایە.
کێشی ئەم هاندە 125 گرامە.

## گوێ لە گۆرانییەکانی ئەم چوکلێتە بگرە



نوێترین ئامێری بڵاوکردنەوەی مۆسیقا و گۆرانی بەناوی چوکلێت و مۆدێلی E100 هاتە بەرهەم. ئەم ئامێرە دیزاینەکەی زۆر سادەیە و گشت دوگمەکانی لەمسین. ئەو PMPیە لە سێ ڤێرژنی (2،4،8) گیگابایتی دا هاتۆتە بەرهەم. ئەو چوکلێتە میمۆری ناوخۆی هەیە و دەکرێ میمۆری دەرەکیشی پێوە زیاد بکرێ، جگەلەوە خۆی کەلێنی USB هەیە و توانای شەحنبوونەوە و بەسترانەوەی بە کۆمپیوتەر هەیە. E100 بە 3کاتژمێر ونیو بەتەواوی شەحن دەبێتەوە، هەرکاتێکیش بەتەواوی شەحن بوو دەتوانی هەتا 17 کاتژمێر مۆسیقا و 5 کاتژمێر فیلم سەیر بکەی. هەموو فۆرماتە دەنگییەکان دەخوێنێتەوە. زۆربەی هەرە زۆری فۆرماتە رەنگییەکانیش. توانای تۆمارکردنی دەنگیشی هەیە و رادیۆشی تێدایە. کێشەکەی زۆر کەمە تەنیا 60 گرامە.





# پرۆگرامی CubeDesktop بۆ دروستکردنی دیسکتۆپی سێجا

زۆر لەبەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر بۆ گۆڕانکاری پێکهێنان لە سیستەمی بەگەڕخەری خۆیان لە پرۆگرامگەلی جۆراوجۆر سوود وەردەگرن کە بەهۆی ئەوانەوە دەکرێ گۆڕانکاری لە سیستەمی بەگەڕخەر بکەی. زۆربەی ئەو پرۆگرامانەی کە لەو بوارەدا دەبینڕێن گۆڕانکاری لە سیمای سیستەم دا دەکەن.

پرۆگرامی CubeDesktop ناوی پرۆگرامێکە کە ئەو توانایەی تێدایە دیسکتۆپ بکەی بە شێوەیەکی سێ رەهەندی. ئەو پرۆگرامە جگە لەو توانایەی کۆمەڵێك ئیفێکتی جۆراوجۆری تێدایە. توانای دروستکردنی چەندین دیسکیۆپ، گۆڕانکاری لە وێنەی باکگراوند و ئایکۆنەکان.

## سپیکەرێکی وایەرلەیس لەسەر شێوەی هێلکە

دەستکاری و جوانکاری وێنە بە پرۆگرامی Ashampoo Photo Commander

پرۆگرامی Ashampoo Photo Commander پرۆگرامێکی زۆر بەهێزە بۆ کارکردن لەسەر وێنە و رێکخستنی بە کۆمەڵێ وێنە دیجیتالییەکان، چونکە فەرمان وئامرازگەلێکی زۆر بەسوودی تێدایە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ بە ویستی خۆت گۆڕانکاری لەوێنەدا پێك بێنی. هەروەها دەتوانی وێنەکان رتوش بکەی. یەکێك لە تواناکانی ئەو پرۆگرامە دروستکردنی کارتی پیرۆزبایی و کارتی ریکلامە. هەروەها بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەکرێ بە ئاسانی وێنەکان لەسەر DVD، CD خەزن بکەی.

تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم پرۆگرامە:

- چوارچێوەیەکی ئاسان و ساناو، خێرایی لە کارکردندا، خوێندنەوەی زۆربەی فۆرماتەکانی وێنە. دانانی چوارچێوەی وێنە. دروستکردنی فایلەکانی PDF. دروستکردنی وێنەی ئەلبۆمی جوان و چەندین تایبەتمەندی دیکە.





## پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی لــــۆگــــۆ

پرۆگرامی GreenBox logo maker پرۆگرامێکی زۆر سادە و بەهێزە، ئەو پرۆگرامە دەتوانیٚ لۆگۆی جۆراوجۆری بۆ ریکلام و وێب سایت و بە ئاسانی ئەنجام بدات. سانا بەکارهێنانی ئەو پرۆگرامە لە توانا هەرە بەرچاوەکانیەتی. سەدان لۆگۆی ئامادەی تێدایە کە هەموویان بە پێی مەبەست ریزبەندی کراون. ئیفێکتی زۆر سەرنج راکێشی تێدایە. بۆ سوود وەرگرتن لە Greenbox هیچ پێویست بە شارەزاییەکی ئەوتۆ لە کۆمپیوتەر ناکات، ئێوە تەنیا دەتوانن وێنەکان، شتە گرافیکییەکان و دەقەکانی خۆتان بخەنە پرۆگرامە. بە ئاسانی دەتوانیٚ لە چرکەیەکدا لۆگۆی خۆت بە تەواوی دیزاین بکەی.

لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەو پرۆگرامە:

- زیاتر لە 200 لۆگۆی دیزاین کراو، کە هەموویان بە شێوەیەکی ریزبەندین. زیاتر لە 1800 دیمەنی گرافیکی بۆ دروستکردنی لۆگۆکان. بوونی زیاتر لە 30 ئیفێکت بۆ جوانکاری لە وێنەکان و دەقەکان، وەك سێبەر، شاردنەوە.. توانای خەزنکردنی لۆگۆی بە فۆرماتەکانی PDF، JPG،TIF.. و چەندین توانای دیکەش.



## سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی سایتە ئەنتەرنێتیەکان لە حاڵەتی ئۆفلایندا

دەســـتەی واژەی ئۆفلاین و ئۆنلاین بەمانای (کرانەوەی هێڵ) و (داخرانـــی هێڵ) دێت، واتـــە بەکارهێنەر ئەگەر هێڵی ئەنتەرنێتەکەی نەبێت بەهیچ جۆرێك ناکرێ سوود لە ئەنتەرنێت وەربگرێ، بەڵام بەك دوو ساڵە لەلایەن کۆمپانیای گوگڵ و لەم دواییانەشدا لەلایەن کۆمپانیای Adobeوە هەوڵێـك لە ئارادایە، کە بکرێ لەو کاتانەی کە ئۆفلاینی، سوود لە هەندێك سایتی ئینتەرنێتی وەربگرێ. پرۆگرامی AIR Adobe یەکێکـە لەو پرۆگرامە بەدواداگەڕانەی ئینتەرنێت، کە بەهۆی ئەوەوە یەکجار کە ســایتێکت کردەوە، ناوەرۆکی سایتەکە زۆر بەخێرایی دادەبەزێتە سەر کۆمپیوتەر و پاشـان کە هێڵی ئەنتەرنێتیشـی نەما دەکرێ ســوودی لێوەربگری.

## لاپتۆپێک وزە لـــــەخۆر وەردەگرێ

لاپتۆپێکـــی نوێی هەتاوی هاتۆتە بەرهەم کە شـێوە و قەبارەکەی وەك لاپتۆپەکانی دیکەیە، بەڵام کاتێك دایدەخەی پشتەکەی لاپەڕەیەکی هەتاوی لەسەرە بۆ وەرگرتنی تیشك و گۆڕینی بە وزە. ئەو لاپتۆتە لەلایەن کۆمپانیای Nik-ladesign هاتۆتە بەرهەم. بۆ شـوێنە بێ کارەباییەکان ســوودە، بەتایبەتی لەو شـوێنانەی کە وزەی کارەبای لێ دەســت ناکەوێ وەك چیاو دارستانەکان (بیوورن، هەر راست وەك ئەو هەرێمەی خۆمان). جگە لەو تایبەتمەندییە بەرچاوە لە سیستەمی سەتەلایتیش سوود وەردەگرێ.



## ئینتەرنێت ئیسکپلۆرێری ڤێرژن ٨ تەنیا بۆ تێست هاتەبەرهەم

ئینتەرنێــت ئیکســپلۆرێر گەورەترین و ســەرەکی ترین پرۆگرامی دینەمۆی گەڕان لەناو سایتەکانی ئینتەرنێتدایە. دەکــرێ بڵێین زیاتر لــە 80%ی ئەوانەی لە جیهاندا کار لەســەر ئەنتەرنێت دەکەن بــۆ گەڕان لــە ئینتەرنێتدا ئەو پرۆگرامە بەکار دێنن. هەتا ئێستا 7 ڤێرژنی هاتۆتە بەرهەم، کۆمپانیای مایکرۆســۆفت ڤێرژنی 8ی ئەم پرۆگرامەی تەنیا بۆ تێست لەم ماوەیەدا هێنایە بەرهەم.

تایبەتمەندییــە بەرچاوەکانــی ئەو پرۆگرامــە ئەوانەن: توانــای Activities لــەم ڤێرژنەدا زیادبــووە، بەهۆی ئەمــەوە هەرکاتێك کلیك راســتت داگــرت، قائیمەیەکی نوێ دەردەکەوێ لــەو قائیمە نوێەدا خزمەتگوزاری ناردنی راستەوخۆی زانیاری بۆFacebook، سوود وەرگرتن لە ماپی (نەخشــە) ئۆنلاین، ناردنی بابەت بۆ Windows Live space، گەڕان لەناو فەرهەنگی وشەی ئۆنلاین و زۆر توانــای دیکەش. نموونەیەك لەتوانــای A-tivities



ئەوەیــە بــە خوێندنەوەی بابەتێك لە ئینتەرنێتدا دەتهەوێ ئەو بابەتە بۆ ماڵپەڕەکەی خۆتی بنێری، لەودا زۆر بە ســانایی لەسەرتادا بابەتەکە بە ماوس دیاری دەکەی و پاشــان دوگمەی Blog Activety لێدەدەی راستەوخۆ بابەتەکە دەچێتە ماڵپەرەکەت.

توانــای WebSlices یەکێکە لــە توانا نوێیەکانی ئینتەرنێت ئیکسپلۆرێر 8 کە بەهۆی ئەو توانایەوە بەکارهێنەر دەتوانێ بەخێرایی ناواخنی گۆڕانــکاری تێدا پێکهاتووی سایتێك بدۆزێتەوە.

لەبــاری ئەمنیت و بەرگری کردن لــە دزەی ڤایرۆس و هاککەران، ئیســکپلۆرێر 8 توانایەکی نوێی تێدایە بەناوی Phishing Filter تاکــو بەکارهێنــەر لە ئاســت ئەو سایتانەی کە ڤایرۆسیان تێدایە ئاگادار کاتەوە.

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین هەر ئێستاکە دەتوانێ لەسایتی مایکرۆســۆفت بەبێ بەرامبەر دابەزێنی، بەڵام ئەم ڤێرژنە تەنیا بۆ تاقیکارییە.